# حمه سعید حسن ، شه‌ڕی کۆنه‌ قین و ده‌روونێکی نه‌خۆش . !

کاروان حمه‌ سوور

حمه‌ سعید حسن له‌ نێو خوێنه‌ری کورددا عه‌ره‌ب ووته‌نی ( غني عن التعريف ) ، ئه‌ز بۆخۆم به‌دوی نوسینه‌کانیدا وێلم و ده‌یانخوێنمه‌وه‌ . گه‌ر یادم له‌خشته‌م نه‌بات سه‌ره‌تای ئاشنابوونم به‌ نوسینه‌کانی ئه‌و کابرایه‌ ده‌گه‌ڕێنه‌وه‌ بۆ کۆتایی سالی ١٩٩٧ ، گه‌رچی پێشتر لێره‌و له‌وێ ناویم به‌رگوێ که‌وتبوو به‌لام ئه‌وی ده‌مێ هێنده‌ خولیای خوێندنه‌وه‌ی ئه‌ده‌بی نوێ ی کوردی نه‌بووم تا به‌دوی شیعرو ووتاره‌کانی حمه‌ سعیددا بگه‌ڕێم . ئه‌وه‌بوو کۆتایی سالی ١٩٩٧ له‌ سوید گیرسامه‌وه‌ ، سه‌ره‌تا زۆر غه‌مبارو بێ تاقه‌تی وولاتو دۆست و هاوڕێیان بووم هه‌ربۆیه‌ بۆ ڕه‌واندنه‌وه‌ی خه‌م و په‌ژاره‌ی ئاواره‌یی و غوربه‌ت ڕووم له‌ کتێبخانه‌کانی ستۆکهۆلم ده‌کردو هه‌رچیم ده‌ست بکه‌وتایه‌ به‌ کوردی و عه‌ره‌بی ده‌مخوێندنه‌وه‌ . .
چونکه‌ سه‌ره‌تایه‌کیشم له‌گه‌ل کۆمپیوته‌ردا هه‌بوو و شتێکم لێ هه‌لده‌کراند ، بۆیه‌ زوو زوو ده‌چومه‌ نێو سایته‌کانی ئه‌نته‌رنێته‌وه‌و به‌دوی هه‌وال و نوسینی نوێدا وێل ده‌بووم ، ئیدی جارجاره‌ش بابه‌تی حمه‌ سعیدم ده‌خوێنده‌وه‌و به‌ زمانه‌ زبرو شه‌ڕانگێزه‌که‌ی معجب بووم ، و سه‌ره‌تا پێم وابوو که‌ به‌ڕاستی ئه‌م کابرایه‌ بوێرو چه‌له‌نگ ولێهاتوه‌ ، وا بێ باکانه‌ عه‌یب و که‌م و کورتیه‌کانی سیاته‌دارانی کورد شه‌ن و که‌و ده‌کاو ڕه‌خنه‌ له‌ کاره‌ ناراست و نوچدانه‌ یه‌ك له‌دوای یه‌که‌کانی بزوتنه‌وه‌ی کورد ده‌گرێت . ئه‌وی ده‌مێ پێم وابوو که‌ ئه‌وه‌ له‌ دلسوزی یه‌وه‌ بۆ میلله‌تی کورده‌ ، وا سنگی خۆی کردۆته‌ قه‌لغان و نوکی قه‌له‌مه‌که‌ی ( یان باشتر بلێم کیبۆردی کۆمپیوته‌ره‌که‌ی -چونکه‌ ئێستا نامه‌خوا ، حمه‌ سعید قه‌له‌می نه‌ماوه‌ تاخۆی گوته‌نی یه‌کێتی بۆی بشکێنی به‌لکو بۆته‌ نوسه‌رێکی مۆدێرن و به‌ کۆمپیوته‌ر شت ده‌نوسێ ) کردۆته‌ تیغ و جه‌سته‌ی سیاسه‌تی بزوتنه‌وه‌ی کوری پێ ده‌رزی ئاژن ده‌کات ، هه‌ر به‌و باوه‌ڕه‌شه‌وه‌ که‌وتمه‌ دوی نوسین و بابه‌ته‌کانی و له‌ماوه‌ی چه‌ند مانگێکدا زۆربه‌ی ئه‌و ساتیره‌ ووتار و کورتیله‌ چیرۆك و هۆنراوانه‌ی تا ئه‌وکاته‌ نوسیبوونی خوێندمه‌وه‌ . له‌ئه‌نجامدا گه‌یشتمه‌ ئه‌و ڕاستییه‌ی که‌ ئه‌و کابرایه‌ دژایه‌تی کردنی لایه‌نێکی سه‌ر گۆره‌پانی کوردایه‌تی ( که‌ ئه‌ویش یه‌کێتی نیشتمانی کوردستان و خودی سکرتێری گشتی یه‌کێتییه‌ ) ئیلهامی نوسینیه‌کانیه‌تی و هه‌موو بابه‌ته‌کانیش به‌هه‌مان ئاراسته‌ یان له‌ژێر هه‌مان ته‌ئسیردا ده‌نوسێ . دژایه‌تی کردن و په‌لاماردانی یه‌کێتی لای ئه‌و بونه‌ته‌ مه‌به‌ست . گه‌ر جارجاره‌ش لایه‌نێکی تری سه‌ر گۆڕه‌پانی سیاسی کوردی به‌سه‌رده‌کاته‌وه‌و خۆی گووته‌نی ساتیریان له‌سه‌ر ده‌نوسێ ئه‌وا ده‌یه‌کی ئه‌و نوسینانه‌ زبر نین که‌ له‌سه‌ر یه‌کێتی نیشتمانی و مام جلال ده‌یانوسێ . **گه‌رچی ئه‌و کابرایه‌ ته‌واو دلنیایه‌ له‌وه‌ی له‌گه‌ل هه‌موو که‌م و کورتی و هه‌له‌و نوشسته‌کانی یه‌کێتی نیشتمانی کوردستان و سه‌رکردایه‌تیه‌که‌یدا ، ئه‌وا به‌ هیچ کلۆجێك ناکرێت گومان له‌ خه‌بات و تێکۆشان و قاره‌مانێتی** سه‌رکرده‌و کادرو پێشمه‌رگه‌کانی یه‌کێتی بکرێت و هه‌رکه‌س نکولی له‌ ڕۆلی مه‌زنی یه‌کێتی له‌نێو بزاڤی رزگاریخوازی کوردا بکات ، ئه‌وا لانی که‌م ده‌چێته‌ خانه‌ی دوژمنانی کورده‌وه‌ . . هه‌موولایه‌ك ده‌زانن گه‌ر یه‌کێتی گه‌وره‌ترین و به‌رفراوانترین حزبی سیاسی نه‌بێت له‌سه‌ر گۆره‌پانی کوردستان ئه‌وا هیچ نه‌بێت یه‌کێکه‌ له‌ حزبه‌ ڕه‌سه‌نه‌کان وسه‌دان هه‌زار ئه‌ندامی هه‌یه‌ و جه‌ماوه‌رو موریدێکی زۆریش له‌ ده‌ور خڕبونه‌ته‌وه‌ و سوکایه‌تی کردن به‌ یه‌کێتی نیشتمانی ئۆتۆماتیکی ده‌بێته‌ سوکایه‌تی کردن به‌خه‌لکی کوردستان . حمه‌ سعید و هه‌موو خه‌لکی کوردستانیش ئاگادارن که‌ هیچ کام له‌ حزبه‌سیاسی یه‌کانی هه‌ر چوار پارچه‌که‌ی کوردستان نیه‌ که‌ چه‌ند قاتی یه‌کێتی توشی هه‌له‌و نوشستی سیاسی و نوچدان نه‌هاتبێ ، ئیدی هه‌تا ئێواره‌ حمه‌ سعید بۆخۆی بڕێسێ و بلێ ، ئه‌مه‌ ڕاستی یه‌که‌و حاشا هه‌لناگرێت . که‌چی حمه‌ سعید به‌ به‌رنامه‌ و ڕۆژانه‌ بوختانی ناره‌وا دژی یه‌کێتی و سه‌رکردایه‌تیه‌که‌ی ده‌کات و ده‌یه‌وێت خوێنه‌ر چه‌واشه‌ بکات وایان تێ بگه‌یێنێ که‌ له‌به‌ر دلسۆزی بۆ کوردو مه‌سه‌له‌ ڕه‌واکه‌یه‌تی که‌ ئاوا فرمێسکیان بۆ ده‌ڕێژێت و له‌به‌ر چاره‌نوسی میلله‌تی کورده‌ ئاوا به‌ربۆته‌ گیانی ئه‌زمونه‌که‌ی کوردستان و یه‌کێتی نیشتمانی کوردستان .
جار جاره‌ حمه‌ سعید حسن هێنده‌ خۆی لێ ده‌گۆڕێ ، خۆی وه‌ك شێخ ڕه‌زای مه‌زن دێته‌ پێش چاوو زۆر جارانیش ده‌یه‌وێت لاسایی ئه‌و زاته‌ بکاته‌وه‌ . ئه‌وه‌ نیه‌ هۆنراوه‌کانی ده‌شێوێنێ یان ده‌یانکاته‌ سه‌ردێڕی نوسینه‌کانی . . .

www.kurdistannet.org
3-1-2003 0:48

زۆرجاران شێخ ڕەزای مەزن شیعری دلداری یان تەسەوفی فەرمووە ، کەچی دیڕێك یان دووی هەجوی تێخزاندوە ، ئەوە تا لەو پێنج خشتەکی یەی لەسەر هۆنراوە مەزنەکەی مستەفا بەگی کوردی دا کە سەرەتاکەی دەلێ :

دلی بردم بەنازو عیشوە دیسان شۆخی عەییارێ

فریبی دام بە سیحری چاوی خۆی مەحبوبی سەححارێ

لەهیجرانا تەقم کرد ئەی ڕەفیقان کوا مەدەد کارێ

ئەمان مەردم عیلاجی سا لە ڕێی پێغەمبەرا چارێ

ویسال یا قەتل یا تەسکین ، لە هەرسێ بۆم بکەن کارێ

*** *

لە دوا دێردا هێرش دەکاتە سەر ( اب الوردی ) و دەفەرموێ :

لە ئەشعاری ڕەزا پەیدایە ئاساری جەوانمەری

**بە پۆلی نایکڕن لەم عەسرەدا علمی ابی وەردی**

. . . هتد

لەسەر هەمان تەرز حمە سعیدیش گەر باسی عەولەمە بکات یان بوختان بۆ شیوعی بکات یان پەلاماری کۆمۆنیزم یان کەسێکی بێ لایەن بدات ، یان لەسەر هەرچی بابەتێك بنوسێ ، دەبێت و سوننەتە لایەك لە کەسێکی ناو یەکێتی نیشتمانی بکاتەوەو پلارێکی کوێرانەی تێ بگرێت ، ئیدی ئەوە بوە بە نەریتێك و بە خویەك و بۆی تەرك ناکرێت .

زۆرجاریش خۆی لێ دەبێتە نوسەری مەزن و بەشان و بالی خۆیدا هەلدەداو خەلکیش بە سوك و بودەلە سەیر دەکات .

ئەمەش مشتێك لە خەرواری خۆهەلنانەکانی :

لە بابەتێکیدا کە لەژێر سەردێڕی ( تۆپچ لە من بوگی بە نوسەر ) دا – کە سەردێڕەکەی لە هۆنراوەیکی شێخ ڕەزاوە خواستوە – حمە سعید دەنوسێت / " من چونکە خوێنەرانم پشتگیریم لێ دەکەن ، بلند دەفرم . ئێوە چونکە تاق و تەنیان هەر بەخشۆکی دەمێننەوە " " قەت هەلوتان بینیوە سەنگەری لە شەمشەمەکوێرە بگرێ " " من لەو نوسەرانە نیم حیزب لەبەرژەوەندی خۆی دەیانخاتە گەڕ "

کە پێویستم بە پارە بوو خۆم چاوشۆڕی حیزب ناکەم ، ژیانی ئێوە دەکەم بەکەرەسەی ساتیرە های لایف دەژیم " .

ئەمەیە لوتکەی نرجسیەت و خۆهەلنان ، مەگەر هەریەکێکی وەك ئەو لەڕوی بێت ئاوا وەسفی خۆی بکات .

ئەوەی مایەیە سەرنج و تێرامانە حمە سعید هەمیشە کەسە ناسراوو دیارەکانی ناو یەکێتی نیشتمانە دەکاتە نیشانەی هێرش و بوختانەکانی ، دیارە ئەو کارەشی هەروا لەخۆڕا نەهاتوە ، بەلکو دەزانێ کەئەوانە سیمبوڵی خەبات و تێکۆشان و ئازایەتین لە نێو یەکێتیداو خەلکێکی زۆریش ڕێز لەخەبات و تێکۆشان و ماندوو بونیان دەگرێ . حمە سعید چاك دەزانێ و مەبەستیشیەتی پەلاماری هەموو ئەوکەسانە بدات . ئەوە نیە چەندین جار زۆر بێ ویژدانانە پەلاماری مام جلال ، کاك نەوشیروان مستەفا ، کاك جەبار فەرمان ، مەلا بەختیار و شاعیری مەزن شێرکۆبێکەس دەدات ( کە سەنگی بەرهەمە چاپکراوەکانی دەهێندەی کێشی کەللەی حمە سعید دەبێت ) . حمە سعید زۆر هۆشیارانە مەبەستیەتی لە ڕێی هێرش بۆ سەر ئەو زاتانە سوکایەتی بە خەلکی کوردستان بکات .

حمە سعید لە " ڕەخنەی مالئاوایدا " بەزەیی بە یەکێتی نیشتمانیدا دێتەوەو بڕیار دەدات کە چیدی ڕەخنەی لێ نەگرێت و خۆی گوتەنی ئیدی کاتی ئەوە هاتوە بەزەیی بەیەکێتیدا بێتەوە نەك ڕەخنەی لێ بگرێت . بەلام چونکە بێ جنێو هەلناکا و چونکە پەلامار دانی یەکێتیش بۆتە ئامانجی سەرەکی ، بۆیە خۆی پێ ناگیرێ و بەناچاری ئەو بەلێنەی بەخۆی و بە خوێنەرانی دابوو دەشکێنێ و سەر لەنوێ هێرشێکی نارەواو پڕ لە بوختانی نوێ دەست پێ دەکاتەوە .

یەکێك لەو مەسەلانەی دی کە حمە سعیدی سەغلەت کردووە ، بەرقەراربوونی ئاشتی یە لە کوردستاندا . . ئەوچونکە پێشتر چەندین جارو لە چەندین بۆنەدا کوردستانی بە کاولستان و جێ ی دز و قاچاغچی لەقەلەمداوە ، ئیدی چاوی بەوەدا هەلنایەت کە ئاشتی و ئارامی لە کوردستاندا بەرەقرار بێت .

سەیرە لە کاتێکدا چەندین ڕۆژنامە نوسی ناودارو چەندین ڕۆژنامەی بەرفراوانی وەك واشنتۆن پۆست و نیویۆرك تایمز و گاردیان و ئەنتەرناشنال هێرالدتریبیون ڕۆژانە بابەت و ڕیپۆرتاژ دەربارەی ئەم ئەزمونەی ئێستا کوردستان و ئازادی و ئارامی لەم ناوچەیە خۆرهەلاتی ناوەڕاستدا بلاو دەکەنەوەو دەیکەنە نمونە بۆ عێراقی داهاتوو ، کەچی بە پێچەوانەوەحمە سعید حسن هەمیشە بەدوی ئەوەدا وێلە بریینی کۆنی ناکۆکیەکانی نێوان یەکێتی و پارتی بکولێنێتەوەو هەرکات گوێبیستی ئەوە بوو کە ئاشتی لە نێوان ئەوو دوو هێزە سەرەکیەدا خەریکە بچەسپێ ، ئیدی ئەم کێچ دەکەوێتە کەولی و بەدوی هەلدانەوەی لاپەڕە کۆنەکاندا دەکەوێتە پەلەقاژێ و خەون بەوەوە دەبینی کوردستان ببێتە ئەوکاولستانەی ئەمجارێ بۆ دەدات .

تۆ بلەی حمە سعید حسن لەو ڕۆژنامە نووسە بیانانە ژیر تر بێت ؟ تۆ بلەی ئەوانەی وەسفی ئەم ئەزمونەی کوردستان و وەسفی ئەم ئازادی یەی ئێستای کوردستان دەکەن لە کن حمە سعید نەچنە خانەی خەلکانی سەر بەحیزب و یەکێتی وپارتی لەبەرژەوەندی خۆیان هەلیان نەسوڕێنن ؟

دیارە هیچ کەس نکولی لەکەم و کورتی و دیاردە سلبیەکانی حکومەت و سیاسەتمەداران ناکات و هەموو لایەك و حمە سعیدیش چاك دەزانی کە هیچ وولاتێك نیە و هیچ سستەمێکی حوکمڕانی لە دنیادا بێ کەم و کوڕی نیە .

ئەز تێ ناگەم بۆ دەبێ دۆست و دوژمنی کورد ، ڕۆژنامەنووس ، سیاسەتمەدارانی ناوچەکەو جیهان– بە بەراورد لەگەل ناوچەکەو وولاتانی دراوسێدا –کوردستان وەك نمونەیەکی پرشنگداری ئازادی و دیموکراتی لە ناوچەی خۆرهەلاتی ناوەڕاستدا بناسن . کەچی حمە سعید جگە لە پلارو ڕەخنەی لابەلاو بوختان هیچی تر بەبالای وولاتەکەی خۆیدا نەلێت .

دەبێ کەنگێ ویژدانی حمە سعید ( گەر ویژدانی هەبێت ) ببزوێ و ددان بەوڕاسیتانەدا بنێ کە کوردستان ئێستا نمونەیەکی گەشاوەی ئاشتی و ئاوەدانی یە و ئومێدی دواڕۆژێکی گەشەدارتریشی لێ دەکرێ .

حمە سعید بۆ بەویژدانەوە (گەر هەیەتی ) نایەت بەراوردێك لە نێوان لایەنەکانی ، کۆمەلایەتی و سیاسی و ئازادی و ئابوری و ڕێژەی تاوان و ئاسایش ئارامی لەنێوان هەرێمی کوردستانی عێراق ( بەهەردوو حکومەتەکەی یەکێتی و پارتیشەوە ) لەگەل دەرو جیرانی کوردستاندا ، هەرلە ناوچەکانی ژێر دەسەلاتی بەعسەوە بیگرە تا تورکیاو ئێران و سوریادا ناکات ؟ ئەوسا هەر بەو ویژدانەوە کە نیەتی دان بەو ڕاستی یەدا بنێ کە لەم ماوە کورتەی حوکمڕانی کوردا شتی گەلێك مەزن کراوە و هەنگاوی زۆر گەورە نراوە ، ئاسایش و ئازادی بیروڕا تاڕادەیەکی باش دابینکراوە . .

خۆناکرێ حمە سعید بیەوێت هەولێرو سلێمانی و بیارەو بناری قەندیل لەماوەی شەوو ڕۆژێکدا ببنە کاترینەهۆلم . *

لە کۆتاییدا ئەوە ماوە بلێم . . حمە سعید ئەو قسانەی دەیکا تەنها ڕووی خۆی دەگرێتەوە کەسی تری پێ لەکەدار نابێت .

ڕەبی زمانی موی لێ بێ پەنجەکانی هەلوەرێ

هەرکەسێ گولشەن بەدەردی گولخەنی دۆزەخ بەرێ .

* کاترینە هۆلم / ناوی شارۆچکەیەکە لە سوید .